کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-9-2007 23:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شەرمەزارم ئەگەر لە گۆران وشێخ مستەفای باوکی بچم ... مستەفا شێخ خالید عەبدول**

لەڕۆژی 2007/8/13ی کوردستان نێت دا گۆران شێخ مستەفا درۆ نامەیەکی بڵاو کردۆتەوە لە سەر پاکردنەوەی ڕابردوی باوکی... ؟

نەوتنی ڕاستی وخۆدورخستنەوە لەدەر کەوتنی کەسایەتی ڕاستەقینە لەم ڕۆژگاری پڕلە ڕاو ڕووتکرنەوەی سامانی وولات وگەنەدەڵی ئیداری و هەرکەس بۆ خۆی دا کارێکی کردووە کە (کاڵ فامێکی) وەك گۆران شێخ مستەفا ملا شێخ محمدی دەشتی خەرمانی بەبی بنەماو دوور لەڕەوشتی مرۆڤ دۆست وهاوبیرو هاونیشتمانی بەپەنجەی درۆ کۆمەڵێك ڕاستی لەڕۆشنبیرو هەڤاڵانی پارتی و خزمانی (شێخی بەرزنجە) بگۆڕێت و خۆی بەپاڵەوانی نیشتمانی نیشان بدات و سێبەرێك بۆ خۆی وباوکی ڕابردووپیس بکات بەپەردە بۆخۆحەشاردان وسڕینەوەی هەرلکەیەك کەکورسیە دەوارەکەی لە سورانەوە بخات ووەك پیشەی بنەماڵەکەی هەردەم ناوی خەڵکی بەخراپ بزرێنی. ئەم ماڵەی گۆران وباوکی زۆردەمێکە بە (ڕاپۆرت) نووسینی خراپ لەسەر خزم وناسیاوەکانیان ناویان دەرکردووە. ئەتوانم بڵێم ئەم بنەماڵەیە وەك بەکتریای مشەخۆر لەسەر ناوبانگی خەڵك کەسایەتیان بنیاد دەنێن.

ئەگەر وانی یە گۆران چۆن لەبیری چوو لەباوکی بپرسی کی لەگەڵ (ملازم ئەکرەم) ئەفسەری ئیستخباراتی ناڵپاریز ساڵی 1978 لەیەك ژوور دادەنیشت بۆ پڕۆژەی دروستکردنی یەکەم (کۆمەڵگەی زۆرەملی) کەخۆم شاهیدی بینینی ئەو ڕاستیەم. کەناڵپاڕێز نەما (شێخ مستەفا) لەگەڵ خەڵکی قەزای پێنجوێن وناحیەی ناڵپاریز کە خۆی کاتبی ناحیە بوو دەستی گەندەڵی دژ بەخەڵکی ڕەش وڕووتی ناوچەکانی (پێنجوێن+ناڵپارێز +دۆڵەسوور + سید سادق + شاربازێڕوشارەزوور) کە چەند ئاستەنگی بۆ خەڵکی بەش مەینەت دروست دەکرد وبێنەوبەردەی پی دەکردن دوای وەرگرتنی (بەرتیل) کاری بۆ دەکردن

لەکاتێکدا کەئەو خەڵکە نەك جارێك دەجار لێقەوماو بوون وماڵ وێران بوون لە ماڵ وموڵکی خۆیان دەرکرابوون، لەجیاتی دەستی یارمەتی بەوشێوە ڕەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵ دەکردن.. ! ئێستایشی لەسەر بێت بەسەدان ماڵ شاهیدحاڵی ئەو رۆژگارەن...

باوکی بەرێزت.. کاکە گۆران یەکێك بوو لەهاوڕی نزیکەکانی مستشارو ئامرسیە و مەفرەزەکانی ئەمن وئیستخبارات وحزبی بەعس برۆلەوان بپرسە چەند ئیش وکاری خەڵکی بەهۆی ئەوانەوەدەکرد چونکە ئەو دەمە ئەوان خاوەن کورسی وپارە بوون. ئەوسەردەمە لەدیوەخانەکەی (ڕ. ل) قائمقام وحزبی بەعس وئەمنی عەربەت جەنابی باوکت زۆرترین دەستەڵاتی هەبوو بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی هەژاری باریکە ونەسر... بەڵام بەداخەوە ئێستا لە لقی4 ومەکتەبی وەزیری شەهیدان بەخۆت وباوکت ئەودەستەڵات وموچە یەی ئەوسەردەمەتان بەزیادەوەدەدرێتی وەك ئەوەی ئێوە مقاولی گەندەڵی وموگناتیسی پارە بن.... جەنابی باوکی نیشتمان پەروەر چەندجار لەگەڵ مستشارو ئامرسریەی ئەمن وئیستخبارات بەسەیارەی ئاخرمۆدێلی ئەوان ئەچوو ن بۆسەیران و ڕاوەکەو بەوە نەدەوەستا کەڕاوی خەڵکی هەژاری دەکرد.... بۆ ئاگاداری خوێنەر (شێخ مستەفا) لە 1989 خۆی حەشاردابوو لەترسی شۆڕش تا نەی کوژن.... ؟ نەك وەك گۆران دەڵی (پیاوێکی شۆرشگێرو هەمیشە لە خزمەتی مەسەلەی نەتەوەی کوردابووە) بەڵی باگۆران شێخ مستەفا ئەو ڕۆژنامە نووس ولایەنانەی کەبۆناسینی من دەنێرێت بۆلای شێخ محمد باساکی منیش حەزدەکەم چونکە ئەوکات ناتوانی خۆڵ بکاتە چاوی ڕۆژنامەنووس وبەرپرسەکانی پارتی و ئەم ناوانەی کەهەرسی کیان مامی گۆرانن لە پێش من لەفەوجی (81) جاش بوون ئاشکرا نەکات، ئەمەتەنها مامەکانت بازیاتر نەڵێم ... ناوەکان: (1) رەزا محمد مستەفا لە سریەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

(شێخ محمد) . ئێستا ئەندامی ناوچە (ل. ن. سلێمانی - یەك) (2) ابراهیم محمد مستەفا لەسریەی ناوبراو ئێستا لەدەزگای ئەیلول (3) عابد محمد مستەفا لەهەمان سریە ئێستا لەدەزگای ئەیلول.

بەڵێ ئەو پیاوەخاوەن رابردووە لەدوای ڕاپەڕین بەرگێکی تری لەبەر کرد و خۆی خزاندە ناو پارتی بەهۆی چەند خزمێکەوە کە ئێستا وەفای بۆ ئەوانیش نی یە.... !!

بەڕێز جەنابی بەڕێوەبەر وسکرتێر (گۆران شێخ مستەفا) یان ڕاست تربڵێم (کارگوزار) گۆران مستەفا چونکە هەر بەڕاستی پلەی حزبی تۆ لە 2002 تا2006/2005 کارگوزاربوویت لەناوچەی (قەرەداغ) بەڵام لە (کن فیکن) دا بووی بە بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلیمانی پرسە سیاسیەکان وە پاشان سکرتێری وەزیر ی شەهیدان... هەقی خۆتە بەو شێوەناوی من بهێنی چونکە ئەمرۆ بۆ هێماکانی گەندەڵی لەناوحزب وحکومەت وەك تۆوباوکت و... زۆر لەبارە بەتایبەتی ئەگەر بەتەسکیەی خزمەکان نەك ماندوبونی رۆژانی سەخت و (پ. م) وزیندانەکان. ئەگەر ڕاست ناکەم باشێخ مستەفای شۆرە سوار هەمووسەروەریەکانی بنەماڵەکەی بنوسێت هەر لە شۆرشی شێخ محمودی نەمرو قازی وئەیلول وگوڵان وگشت لایەنەکانی تر (پ. م)

بۆئەوەی خڵك ومەسئولین باشتر تۆوباوك بناسن کە خیزانێکی نان خۆروجێگرن نەك شۆرشگێر وپاڵەوانی تەنگانە، تەنها مەبەستان پارەو زەوی و خانووە چ ئەو سەردەمەی لەناو بەعس بوون یان ئێستا کەبەمەحسوبیەت پلەتان هەیەلەناو پارتیمان. ئەمەش خشتەیەك لەدەسکوتەکانی سەردەمی بەعس خشتەی (1)

| ز | ناو | ساڵ | بری پارەبەدینار | هۆیوەرگرتنی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ملاشێخ محمد مستەفا | 1978 | 4000+خانوو | داگرتنی گوندەکەیان |
| 2 | عابد محمد مستەفا | 1978 | 4000+خانوو | داگرتنی گوندەکەیان |
| 3 | ابراهیم محمد مستەفا | 1978 | 4000+خانوو | داگرتنی گوندەکەیان |
| 4 | مستەفا محمد مستەفا | 1978 | 4000+خانوو | داگرتنی گوندەکەیان |

خشتەی (2) لەدوای ڕووخاندنی ناڵپارێز لەلایەن ڕژێمەوە

| ز | ناو | ساڵ | بری پارەبەدینار | هۆیوەرگرتنی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ملا شێخ محمد خێزانەکەی) | 1987 | 4000+مواد+زەوی | نیشتەجی کردن |
| 2 | عابد محمد مستەفا | 1987 | 4000+مواد+زەوی | نیشتەجی کردن |
| 3 | ابراهیم محمد مستەفا | 1987 | 4000+مواد+زەوی | نیشتەجی کردن |
| 4 | مستەفا محمد مستەفا | 1987 | 4000+مواد+زەوی | نیشتەجی کردن |
| 5 | رەزامحمد مستەفا | 1987 | 4000+مواد+زەوی | نیشتەجی کردن |

خشتەی (3) دەسکەوتەکانی ئەم بنەماڵە لە ناوپارتی

| ز | ناو | ساڵ | ئەو بەخشینەی وەری گرتووە | هۆی وەرگرتنی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مستەفا محمد مستەفا | 2002 | پارچە زەویەکی 200مەتر | ئەندامی مکتب لق |
| 2 | گۆران مستەفا محمد | 2003 | پارچە زەویەکی 200مەتر | کارگوزار |
| 3 | رەزا محمد مستەفا | 2002 | پارچە زەویەکی 200مەتر | کارگێری رێکخراو |
| 4 | ابرهیم محمد مستەفا | 2004 | مووچەی ئەیلول | بەواستەی شیخ مستەفا |
| 5 | عابد محمد مستەفا | 2004 | مووچەی ئەیلول | بەواستەی شیخ مستەفا |

بۆڕاستکردنەوەی ئەو پەیڤە ناڕاستەی تۆوباوك لەسەر من جگە لەشۆرشی ئەیلول کەبەقوتابێتی (دووساڵی خویندنم فەوتا) من هەر لەساڵی 1981 وەپەیوەندیم هەبووە ولە1982 پلەی ئەندامی پارتیم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەرگرتووە ووەیەکیك بووم لە ڕێخستنەکانی ناوشارو بەتایبەتی لەگەڵ شانەیەك لەهەڤاڵان ئەرکی هەڵسوڕاندنی خۆپیشاندنەکانی1982 و1984 سلیمانی قوتابیانمان لە ئەستۆ بووە. دوای یەك ساڵ سەربازی پەیوەندیم بە (پ. م) وەکردو تاسالی1986 وەلەوەبەدوا دانیشتوو بووم نەك جاش تاسالی 1988 و1989 لەترسی پیاوەکانی رژَیم وەك (3) مامی تۆ ئەو ماوە لەگەڵ شێخ محمد باساکی بووم. نە ئامرسریە و نەمعاون مستشارو نەپیاوی قائمقام ومدیرناحیە وەك باوکت وە هەردەم لەخزمەت شۆڕش و (پ. م) دابووم بەڵگەش ئەوەیە لەساڵی 1990 لەلایەن ئەمنی سلیمانی یەوەگیراوم حوکمی موئەبەد درام لە ابوغریب تا لەدوای راپەڕین لە1992 ئازاد کراوم تا ئیستایش بە خۆبەخش بی مووچە پارتیم چونکە مامۆستام و15ساڵە خزمەتی رۆڵەی میللەت دەکەم. بە هەمووژیانم بە قەد یەك ساڵی تۆ پارەی پارتیمانم نەخواردووە کەتۆ بە هەمووژیانت یەك رۆژخزمەتی وولات ومیللەت نەکردووە.

هیوادارم تۆی تەمەن لاولەدوای ئەم روونکردنەوەیە لەو رەفتارە ناشیرینە دەرهەق بەمن کرد پەشیمان ببیتەوەچونکە بۆ ئاگاداری تۆومامەکانت و خزمان دەکەم:ئەوکەسەی بەناوی (ئەڵماس بانەیی) لەسەرتۆی نووسی من نیم لەدوور و نزیك ئاگادار نیم وە ئەم روونکردنەوەیە هۆکارەکەی تۆی ئەگەر نا تامردن سەر کاغەزی نەدەبینی ئۆباڵی لەئەستۆتە.... .. !!

تێبینی:نوسراوەکەی گۆران شێخ مستەفا لە2007/9/1 بەدەستی من گەشتووە، ببورن لەدوا کوتنی وەڵامەکەی.

مستەفا شێخ خالیدعەبدول
(پ. م) وزیندانی سیاسی
سلیمانی 2007/9/3
Mstf_khled@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.